


# سێ سەکۆ سێ ژیان سێ شانۆ

**یتر برووک** **ئۆژینۆ باربا** **ئاگۆستۆ بوال**

ڕۆژی شەممە یازدەی پووشپەر( ٢٠٢٢/٦/٢) پاش ٩٧ ساڵ سەکۆی ژیان و شانۆ بە بێ پیتر برووک بە بەتاڵی مانەوە! ئەو ڕۆژی نەورۆز (٣/٢١) ساڵی ١٩٢٥ لە شاری لەندەن لە دایکبوو . ئاگۆستۆ بوال ساڵی ٢٠٠٩ سەری نایەوە و لە ١٦ی خاکەلێوە ساڵی ١٩٣١ لە ڕیودێژانیرۆ – برازیل بوو بە میوانی سەر گۆی زەوی. برووک و بوال لە پاریس گیرسانەوە. ئۆژینۆ باربا مناڵی پاییز(٢٩ی ئۆکتۆبری ١٩٣٦ئیتالیا) بوو، لە دانمارک گیرساوەتەوە و ٨٣ پاییزی تێپەڕاندووە. نووسەری ئەم دێڕانە نە بەهاریی یە و نە پاییزیی، هاوینی یە و لە ژێر چارداخی شانۆ چیرۆکی بەهاریی و پاییزیی دەگێڕێتەوە.

## Peter Brook

**پیتر برووک** لە دایک و باوکەوە، نە بریتانی و نە فەڕانسی، ڕووسی یە. دایک و باوکی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ هەڵاتن بۆ بریتانیا. برووک لە تەمەنی هەژدا ساڵانەوە سەر و خواری کرد هەتا سەکۆی خۆی دیتەوە. ساڵی ١٩٧٠ لەندەنی بەیەکجاری بەرەو پاریس بەجێهێشت. دوا سەفەری بەرەو فستیوالی روهر لە شاری ڕێکلینگ هاوزنی ئاڵمان، بەر لە بڵاونوونەوەی کرۆنا، بۆ پێشکەشکردنی شانۆنامەی "بەندکراو" بو.

برووک هەشتا ساڵ لە ژیانی بە کردنەوەی "بەندەکانی" ناو شانۆ تێپەڕی. ئەو بە شانۆی "دوکتور فاوست"ی گوێتە دەستی پێکرد، ڕووی کردە شێکسپیر، خۆی و شانۆی پیتر برووکی لە شانۆی "بەتاڵ"، شانۆی "چۆڵ"ی پڕ لە نواندن و نواندنی لەش و نواندنی شانۆگێڕدا دیتەوە. پیتر برووک زمانێکی نوێی بە شانۆ بەخشی، زمانی "Orghast".

"ئۆرگاست" بە پشت بەستن بە ئەفسانەی "پرۆمەتە"ی یۆنان، ساڵی ١٩٧١ لە جەژنی هونەری شیراز وەک تاقیکردنەوە بە بەشداری شانۆگێڕانی ئاسیا، ئوروپا، ئافریقا، ئامریکا کە هەر کام زمان و کەلتور و تێگەیشتنی جیاوازیان هەبوو، پێشکەش کرا. مەبەست خوڵقاندنی تێگەیشتنێکی نوێ لە مرۆڤ، لە شانۆ، لە زمان، لە پێوەندی نێوان مرۆڤ، لە دانوستاندن و کۆمۆنیکاسیۆن و مەبەست گەڕانەوە بۆ تاکی مرۆڤ لە سەر سەکۆی شانۆ، دوور لە هەر چەشنە کەرەسەیەکی سەر سەکۆ بو. ئەوەی ئایا ئەوە تێگەیشتنێکی کۆنی فەلسەفی لە هیند، چین و یۆنان بووە بۆ ئەوەی هەموو ڕەنگەکانی مرۆڤ و تێگەیشتنەکان لە یەک نزیک کرێتەوە، نازاندرێ، بەڵام ئەسکەندەری مەقدوونی (323-336 پ – م) کاتی لەشکرکێشی بۆ وڵاتی ماد و پارس، میسر و هیندوستان حەولی ئەوەی دا لە خەڵکانی یۆنان و ماد و پارس و ئەوانی دی سیمایەکی نوێ ساز بکات. پیتر برووک لە پرسپۆلیس ئەو بیرۆکەیەی لە سەر سەکۆی شانۆ جێبەجێ کرد، ئەو پەیکەر و زمان و تێگەیشتنی هاوبەشی بە بەشداری مرۆڤی جیاواز لە سەر سەکۆ نواند. یەک لەو شانۆگێڕانە لە پاڵ شانۆکارانی نەتەوەکانی تر "نەوزەر ئازادی" شانۆگێری کورد بو.

برووک ساڵی ١٩٦٢ دەستی بە پرۆژەی "شانۆی بەتاڵ" کرد. شانۆیەک بە بێ هەر چەشنە کەرەسە، دیکۆر، ئاکسسوار و ئێفێکت. شانۆ بە بێ ئۆبیەکت، بەڵام پڕ لە شانۆگێڕ، پڕ لە نواندنی لەش و جەستە، لەش وەک زمان لە پاڵ زمانی گوتن. جەستە لە شانۆی برووک-دا جەستەیەکی بێ ئیرادەی شانۆگێڕ نییە و بە بێ ئاگایی شانۆگێڕ ناجولێتەوە. سەیرکردنی کارەکانی برووک ئەوە دەردەخەن کە جەستە کاراکتێر و کەسایەتی دەردەخات. پیتر برووک لە ئەفسانەی کۆنی هیند MAHABHARATA کەسایەتی و فیگورەکان دەردەخات و بینەر چ لە ناوهۆڵی شانۆ و چ لە سینەما هەست بەوە دەکات کە جەستە دەور بۆ تێگەیشتن دەگێڕێت.

Body Language زمانی جەستە، زمانی ئاسایی مرۆڤ و زیندەوەرانی دیکەیە و بە شێوەی خۆڕسک و نائیرادی ڕەنگدانەوەی هەست و تێگەیشتن و حاڵ و وەزعی مرۆڤە لە چرکەساتەکاندا کە زۆر خێراتر لە زمانی گوتن دەردەکەوێ.

برێشت، برووک، مارسڵ مارسۆ، کارلۆس مارتینز ئەم پرۆسەیە لە نائیرادییەوە دەگوازنەوە بۆ ئیرادی، واتە شانۆگێڕ وەک چۆن بە ویست و خواست زمانی گوتن پاش بیرلێکردنەوە بەکار دەهێنێ، بە هەمان شێوە لەشی لە شانۆدا وەک زمانی شانۆ بەکار دەهێنێ، کارێکی چەتوون بۆ شانۆگێڕ. لە شانۆنامەی "Orghast" شانۆگێڕانی نۆ وڵات خۆیان لە سەر سەکۆیەکی چۆڵ دەدیتەوە. پێتر برووک سەلماندی کە ئیشی شانۆگێر گەلێک لە کاری کرێکارانی کان و مەعدەن کە لە ناو قووڵایی کێوەکان کار دەکەن، دژوارترە.

پیتر برووک دەستی بۆ کارێک برد کە فەیلەسووف و دەروونناسەکان لێیدەگەڕان، ئەویش پەیداکردنی نهێنییەکانی ناو مرۆڤ بوو، برووک دەویست نەو نەهێنییە نەزاندراوانە بێنێتە سەر سەکۆی چۆڵی شانۆ. ئەو دەویست سوبیەکت لە ڕێگای ئۆبیەکتەوە بێتە ڕوو، بێتە دەرکەوتن و بێتە نیشاندان. برووک چ خۆی ویستبێتی یان نا، قووڵایی فەلسەفەی گەڕاندەوە بۆ ناو شانۆ، هەروەک چۆن شانۆ لە سەر دەستی فەیلەسووفانەوە دامەزرا. برووک لە ڕێگای شانۆی چۆڵ و بەتاڵەوە هەر دوو لایەنی فەلسەفی ئۆبیەکت و سوبیەکتی لە یەک گرێ دا. ئەو لە سەر شانۆ "مژار، بابەت"ی گەڕاندەوە ناو لەش و جەستەی مرۆڤ. هەر بۆیە لە شانۆنامەی "Orghast" برووک دەگەڕێتەوە بۆ یۆنان، دەگەڕێتەوە بۆ پرۆمەتە، دەگەڕێتەوە بۆ لانکەی بیرکردنەوە و فەلسەفەی ڕۆژئاوا. وەک دەگوترێ برووک بە شوێن شاراوەکانی مرۆڤەوە بوو، ئەوەش کاکڵی سەرەکی شانۆی برووک بوو کە لەو ڕێگایەوە دەیویست لە شاراوەکان نزیک بێتەوە.

پیتربرووک لە ڕێگای شانۆی بەتاڵەوە بۆشاییەکی لە شانۆدا پڕکردەوە کە کەمتر بیری لێ کرابووە، ئەو دەروونی مرۆڤ و شاڕاوەکانی گواستەوە بۆ سەر سەکۆی شانۆ. ئەوەی شانۆگێر چەندە و چۆن لێهاتوویی خۆی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی ئەو لایەنانە بگوێزێتەوە سەر جەستەی و سەر سەکۆی شانۆ، ئەو پرسیارەیە کە شانۆگێڕ تەنیا و تەنیا وەرگێڕ نییە کە مانا و ماناکان بگوازێتەوە بۆ سەر جەستەی و سەر سەکۆ، ئەو تەنیا دەورگێر و نواندنپیشە لە فۆڕم و ئێستیل و دەرخستنی ڕووکەشی ماناکاندا نییە. دەرخستنی سوبیەکت لە ئۆبیەکتدا جولەی مکانیکی ڕووکەش نییە و شانۆ تەنیا لە فۆڕم و نیشاندانی فۆڕمدا کۆ ناکرێتەوە.
دۆزینەوەی لایەنە شاراوە و پڕ لە ڕەمزم و ڕازەکانی مرۆڤ و دەرخستنی لە جەستەدا لە سەر سەکۆی شانۆ بەرانبەر بە بینەر، هونەری پیتر برووک دەردەخات. خۆ گەیاندنە دەروونی مرۆڤ و هێنانە ڕووی لە ڕێگای جەستەو لە تئۆرییەوە هەتا جێبەجێ کردن، پرۆسەیەکی نوێ بوو لە شانۆ و بۆ شانۆ. شاعیر، نووسەر، ڕۆماننووس، دڕامانووس بیرو هزر و هونەری خۆیان بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی لایەنی دەروونی مرۆڤ لە وشەدا دەرخەن، پیتر برووک جەستە دەکاتە زمانی دەربڕین. ئەو و گرووپەکەی ماوەی سێ ساڵ تۆژینەوەیان لە سەر پەیداکردنی وڵامی ئەم پرسیارە کرد، کە چۆن دەکرێ جەستە لە شانۆدا ببێتە زمانی پێوەندی و کۆمۆنیکاسیۆن، دوور لە بەکارهێنانی کەرەسەکانی بەدەر لە جەستە؟

برووک ساڵی 1970 ناوەندی جیهانی توێژینەوەی شانۆی لە پاریس دامەزراند. ( Centre International de Recherches Théâtrales (C. I. R. T. ئەو بۆ گەیشتن بە ئامانج و قووڵبوونەوە لە شانۆ و مرۆڤ ، بەرەو وڵاتانی تر بە تایبەت هیندوستان کەوتە ڕێ و دواتر خۆی لە وڵاتانی ئەفریقا و شوێنی تر دیتەوە.

پیتر برووک بە دوکتوری سیحربازی شانۆ ناوی دەرکردبو. "پیتر ستێفان پاول برووک" لە ساڵی ١٩٧٤ەوە بە بەردەوامی لە شاری پاریس نیشتەجێ بوو، بە وتەی زۆر لە شارەزایانی شانۆ ئەو بەر لە سەردەمی خۆی دەژیا و بیری دەکردەوە. برووک لە سەر زەوی و لە سەر سەکۆی شانۆ و لە ناو خەڵک و لە ناو فەرهەنگ و ڕێوڕەسمی ژیان و شانۆی میللەتاندا دەژیا و فستیوالی ئاوینیۆن یەک لە ڕەنگدانەوەکانی ژیانی ئەو بو. برووک لە لەندەن لە دایک بوو، لە پاریس دەژییا و ماڵی لە ناو شانۆکانی سەر گۆی زەوی بو.

## ئاگۆستۆ بوال Augusto Boal 

لە ڕێگای شاگردێکی کە تازە لە فەڕانسە گەڕابووە و لای ئێمە ( شیرکەتی فیلم و نمایش) ساڵی ١٩٨٠ لە تاران کاری دەکرد، پاش بەشداری لە دەورەیەکی ٦ مانگە لە تەک مێتۆدەکانی بوال و شانۆی چەوساوەکان ئاشنا بووم و کەمتر دەرفەت ڕەخسا بۆ تاقیکردنەوەیان. دواتر لە سەر شاخەکانی کوردستان بە بەشداری پێشمەرگەی باشوور و ڕۆژهەڵات ساڵی ١٩٨٢ و ٨٣ کۆمەڵێک تاقیکردنەوەمان ئەنجام دا. ساڵی ٢٠٠٣ لە ناوەندی شانۆپێداگۆگەکانی ئاڵمان سەرپەرشتی ورکشاپەکانی ئاگۆستۆ بوال لە شارەکانی ئاڵمان بە من سپێردرا و ماوەیەک بەیەکەوە بووین.

**ئاگۆستۆ بوال کێیە؟**

لە رۆژی ١٦ی خاکەلێوەساڵی ١٩٣١ لە ریودژانیرۆ لە برازیل لە دایک بو. خولیای برێشت و ستانسلاوسکی بوو کە دوو سیستەمی زۆر جیاواز لە یەکیان پێکهێنابوو، ستانسیلاوسکی شانۆگیریی بەرەو ئانالیزی پرسۆناژ و هەستی قووڵ دەکێشا و دەبوو لە دەوری خۆیدا ژیابا و بینەر باوەڕی بە ڕاستی ڕووداو لە سەر سەکۆ هێنابا، بەپێچەوانە برێشت پێیوابوو شانۆگێڕ لە هەمان کات کە کەسایەتی خۆی دەپارێزی، دەور دەگێڕێ و بینەر دەبێ بزانێ ئەوەی کە لە سەر سەکۆ دەیبینێ شانۆ و دەورگێرانە و دەبێ مابەینی ژیان و شانۆ بپارێزرێ و بینەر و شانۆگێر هەر دوولا دەبێ لایان ڕوون بێ کە ئەوەی ڕوو دەدا نمایش و شانۆیە.

بوال پێیوابوو لە ڕێگای شانۆوە گەرەکە چۆنیەتی ژیان بەرەو باشی بگۆڕدرێ و لەو ڕێگایەوە کۆمەڵگا دێمۆکراتیزە بکردرێ. بوال شانۆی بردە ئەو شوێنەی خەڵکی لێبوو، ئەو شانۆی بەرەو چەوساوەکان و چەوسێندراوەکان برد و ئەوان بەشدار کران لە دەربڕینی بیرو ڕا، بۆ وێنە لە شانۆی "شۆڕایی" شانۆگێر و بینەر دەکەونە دانووستاندنی هاوبەش. بوال هەم هۆڵی شانۆی بەجێ هێشت هەم سەکۆی نێوان شانۆگێر و بینەر وەک خۆی نەما. لە شانۆی "نادیار" شانۆگێر لە هەر شوێن و هەموو شوێن گرفت و مەسەلەکانی ناو کۆمەڵگا باس دەکات بە بێ ئەوەی بینەر هەست بە شانۆگێریی بکات. هەر ئەوان لە ڕێگای "شانۆی نادیارەوە" لە ناو خەڵک گفتوگۆ پێکدەهێنن. لە ڕێگای" شانۆی پەیکەر"ەوە، ڕووداو و مەسەلەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە چەشنی وێنە لە ڕێگای لەشەوە نیشان دەدرێ.

ئاگۆستۆ بوال وەک زۆر کەسی تر ڕاستەوخۆ شانۆی نەخوێند، ئەو لە بواری شیمی( کیمیا) لە ئامریکا دەیخوند و دواتر بەرەو شانۆ کێشرا. ساڵی ١٩٦٠ لە سان پائولۆ سیستەمی "شانۆی چەوساوەکان"ی دارشت و لە هەموو ئامریکای لاتین برەوی پەیدا کرد.
پاش ماوەیەک زیندانی کێشان هەتا ساڵی ١٩٧٦ لە بۆینس ئایرس دەژیا. پاش دوو ساڵ کاری پرۆفسۆری لە لیزابۆن، ساڵی ١٩٧٨ لە پاریس نیشتەجێ بوو، لە پاڵ دەرس گوتنەوە و بەڕێوەبردنی ورکشاپ لە زۆربەی وڵاتانی ئوورووپا، مێتۆدەکانی بوال و شانۆی چەوساوەکان، هاوکات لە گەڵ پەرەساندنی "شانۆپێداگۆگی" پەرەی پێدرا. بوال لە درێژەدا سیستەم و مێتودگەلی "پرۆسێکتیڤ و ئینسپرۆسپەکتیڤ"ی پێکهێنا کە لە بواری پێداگۆگی و شانۆپێداگۆگی بەکار دەهێندرێن.


ئاگۆستۆ بوال مرۆڤێکی سیاسی بوو، بیرمەندێک کە لە ڕێگای شانۆوە لە وڵاتەکەی خۆی و ئوورووپا گۆڕانی پێک هێنا، لە هەر شوێنێکی ئوورووپا مێتۆدەکانی بۆ دەنگهەڵبڕین و ڕۆشەنگەریی بەکار دەهێندران، ئەم شێوە لە شانۆ کە ناوکەی بەخۆیەوەیە بە تەنیا شانۆی چەوساوەکان نەبوو، ئەمڕۆ لە پزیشکی، لە خوێندنگە، لە زانستگا، لە شوێنی کار، لە ناو بوس و تراموا، لە سەر شەقام و مەیدانەکانی ناو شار و دێ و تەنانەت لە سیاسەتدا بەکار دەهێندرێن. ڕۆشەنگەرییەکانی شانۆی بوال لە ئوورووپا و برازیل و ئەمریکای لاتین لە ڕێگای دەیان گرووپی شانۆوە، هەر وەک خۆی هیوای دەخواست دەوری لە گۆڕانی سیاسی کۆمەڵایەتی و دێموکراتیزەکردنی کۆمەڵگادا گێڕا. ئەو تاقیکردنەوانەی کە بوال لە شانۆی سیاسی بە چەشنی خۆی کردی، دەوری شانۆی لە سەردەمی فاشیسم لە ئوورووپا وەبیر دەهێنایەوە کە شانۆ هەم لە بەرەکانی شەڕ و هەم شار و گوندەکان، دەوری دژی فاشیسمی دەگێڕا. شانۆی برێشت، پیسکاتۆر و شانۆی ئوورووپا بە گشتی وەبیر هێنانەوەی تێکەڵبوونی شانۆ لە گەڵ خەڵک و شارستانیەت بو. سەکۆی شانۆ ئەو کاتە ئازاد بوو، کە وڵات و خەڵک ئازاد بوون.

ئەوەش دەبێ ڕوون بێ سەردەمی دیکتاتۆری برازیل و ئەمریکای لاتین و ئوورووپا وەک یەک نەبوون و کارتێکردنی تەکنیک و مێتۆدەکانی بوال لە وڵاتەکەی خۆی و ئوورووپا جیاواز بوون و بەکارهێنان و مەبەستەکانیش جیاواز بوون، بەڵام مێتۆدەکان هەم ئەو کات و هەم ئێستا بەکاردەهێندرێن و یارمەتیدەری بەرینکردنەوەی مەیدانی شانۆ و شانۆگێڕ و بینەرە. ئەو دەوری بینەری لە حاڵەتی تەنیا بینەربوون دەرهێنا و بوو بە بەشێکی بەشدار لە کاری شانۆ. بینەری شانۆ ئیتر بینەر و ئۆبیەکتی سەیرچی نەبو. سەکۆی شانۆ بە تەنیا ناو هۆڵەکان نەبوو کە بەردەوام باس لە ڕابووردو و درامای ڕابوردوو بکات، بەڵکوو باسی ئێستا و داهاتوو جێگای بەرچاویان پەیداکرد و شانۆ گرێدرا بە کات و زەمانی ئێستا و سبەی، ئێستا کە گرنگترین کاتی ژیانی هەر زیندەوەرەێکە.

بوال بە پێی تاقیکردنەوەی خۆی پێیوابوو مێکانیزمەکانی چەوساندنەوە لە ئاڵمان هێندە چروپڕ و پێچەڵەوپووچن ناکرێ لە ڕێگای شانۆی نادیارەوە قووڵایی چەوساندنەوە و مێتۆدەکانی بخرێتە ڕوو. بوال دەبوو ئەو بۆچوونەی لە سەر شانۆی پەیکەریش بدابایە، لەبەر ئەوەی زەحمەتە لە ڕێگای کۆمەڵێک وێنە و فیگوریی پەیکەرەوە، قووڵایی بابەتەکانی مەسەلەیەکی ئاڵۆز کە دەبێ کاری دراماتوگی لە پشت بێ، دەربخرێ. هەر وەها ئەو ئیمکانەی کە دراما و دراماتورگی بۆ ئانالیزی قووڵ و بەربڵاوەی دیاردەکان دەیداتە دەست، شانۆی بوال بە هەموو شێوە و وفۆرمەکانییەوە، ناتوانێ ئەو کارە بکات، بەڵام مێتۆدەکانی بوال بۆ باسی مەسەلەکانی ناو خەڵک و کۆمەڵگا بە هەموو چین و توێژەکانییەوە لە هەر شوێن و لە گەڵ هەر کەس دەگونجێ، ئەو مەبەست و ئامانجە لە ڕێگای مێتۆدەکانی بوال و سیستەمی شانۆپێداگۆگی یەوە دەپێکرێ.

بوال لە ئوورووپا و بە تایبەت فەڕانسە لە گەڵ باس و خواس و مەسەلەی تر ڕووبەڕوو بوو، هەر بۆیە گۆڕان بە سەر بیر وبۆچوونی دا هات کە لە کتێبەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە بۆ وێنە لە کتێبی Der Polizist im Kopf (Englisch: Cop in the Head) پۆلیس لە ناو مێشکدا، کە ڕەنگدانەوەی دەروونی سیستەمی سەرمایەدارییە لە ناو مێشکی مرۆڤ. هەرچۆنێک بێت سیستەم و مێتۆد و تێگەیشتنی بوال ڕەنگدانەوەی سەردەم و مرۆڤی سەردەم بوو، بە تایبەت لە ڕۆژئاوا.

نووسەری ئەم دێڕانە کە لە دەیەی هەشتا لە گەڵ مێتۆدەکانی بوال ئاشنا ببوو، لە دەیەی نەوەدەوە لە ڕێگای گۆڤاری ئاوێنەوە کە لە تاران چاپ دەکرا، کار و مێتۆد و سیستەمی بوالی بە زمانی کوردی ناساندووە. بوال ساڵی ١٩٨٦ گەڕایەوە برازیل و ناوبەنا سەردانی ئوورووپای دەکرد و تەمەنی لە ٧٢ ساڵ تێپەڕببوو، بەڵام ساڵی ٢٠٠٣ لە سەر داوای ئێمە لە "ناوندی شانۆپێداگۆگەکانی ئاڵمان" لە کۆمەڵێک ورکشاپ لە ژێر سەرپەرستی نووسەری ئەم دێڕانە بەشداری کرد. هەر ئەو ساڵە د. قوتبەدین سادقی بۆ بەڕێوەبردنی چەند ورکشاپ بانگ کرا و ناوی لە پرۆگرامی ساڵانەدا هات، کە هاوکات بوو لە گەڵ فستیواڵی جیهانی شانۆی منداڵان لە شاری لینگن، بەڵام هاتنیان سەری نەگرت.
هەر لەم پێوەندییەدا بۆ ئەوەی پەرە بە فەرهەنگی شانۆ لە کۆمەڵگای کوردستان بە تایبەت باشوور بدرێ، ناوی باشووری کوردستان خرایە پاڵ ناوی ئەو وڵاتانەی بڕیار بوو پرۆژەی شانۆپێداگۆگی بۆ پەروەردەکردنی شانۆپێداگۆگ تێیاندا بەڕێوە ببردرێ. پرۆژەکە ئەوە بوو کە بۆ ماوی دووساڵ فێرکار و پرۆفیسۆرەکانی شانۆ و شانۆپێداگۆگی بێنە کوردستان و لە کۆتاییدا خوێندکاران بۆ ماوەی سێ مانگ بێنە ئاڵمان و بڕوانامەی شانۆپێداگۆگ وەگرن، بۆ ئەوەی بڕەو بە شانۆ و شانۆپێداگۆگی لە خوێندنگەکان بدرێ. بۆ بەڕێوەچوونی ئەم پرۆژەیە لە گەڵ حکوومەتی هەرێم، وەزیری خوێندنی باڵا، وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەرپرسانی زانستگاکان قسە کرا، کە هیچ ئاکامێکی لێ نەکەوتەوە.

##  ئۆژینۆ باربا Eugenio Barba

لە ساڵی ١٩٣٦ لە ئیتالیا لە دایک بوو، باوکی ئەفسەری سپا بوو، ئەویش وەشوێن خوێندنی نیزامی کەوت ، بەڵام هەڵگەڕاوە و نەیویست ببێتە کۆپی باوکی، چوو بۆ نۆروێژ و لەوێ ئەدەبیاتی فەڕانسە و نۆروێژی خویند و چوو بۆ لەهستان و خۆی لە لای گرۆتۆسکی دیتەوە. پاش چەند ساڵ بەرەو هیندۆستان وەڕێکەوت بۆ فێربوونی شانۆی کاتاکالی Kathakali (دراما سەمای هیندی) کە لە ڕۆژئاوا نەناسراو بو. پاش گەڕانەوە بۆ ئوروپا لە سەر ئەم شێوە لە شانۆیە چەند بابەتێکی نووسی کە بە خێرایی لە ئیتالیا، فەڕانسە، دانمارک و ئامریکا بڵاو کرایەوە.

یەکەم کتێبی لە سەر گرۆتۆسکی و شانۆی گرۆتۆسکی ساڵی ١٩٦٥ لە ئیتالیا و مەجارستان بڵاو کرایەوە.
باربا ساڵی ١٩٦٤ گەڕاوە نۆروێژ و لە بەر بیانی بوونی بۆی نەکرا وەک دەرهێنەر کار بکات، کۆمەڵێک کەسی خولیای شانۆ کە لە زانستگا وەرنەگیرابوون لە دەوری خۆی کۆکردنەوە و "ئۆدین تئاتر"یان دامەزراند کە دواتر ناوەندەکەیان بۆ دانمارک گواستەوە و "شانۆی باربا و ئۆدین" هێدی هێدی پەرەی ساند و لە ئوورووپا دەنگی دایەوە و دەیان شانۆنامە کە هێندێک لەوان دوو ساڵ کاری بەردەوامی لە پشت بوو لە دانمارک و وڵاتەکانی تری ئوورووپا پێشکەش کران، شانۆگەلێک کە تێکچڕژانێک بوون لە مێتۆدی گرۆتۆسکی، کاتاکالی و شانۆی ئەزموونگەریی و هەروەها تێکچڕژانی فەرهەنگی هەمە ڕەنگ و مرۆڤی هەمە کولتوور.
لە ١٩٧٤ بەو لاوە باربا و ئۆدین تئاتر فۆرم و کۆنسێپتی خۆیان دیتەوە و وەک ئۆدین تئاتر مۆری شانۆیی خۆیان پەیدا کرد، شانۆی هەمە چەشن و هەمە کولتور کە شانۆگێری سەر بە کولتووری جیاواز تێدا بەشدار دەبوون و هەر لێرەو باربا بە پیتربرووک و فستیوالی ئاوینیۆنی فەڕانسە، فستیوالی فرە ئایین و فرە ترادیسیۆن و فرە ریتوالی ئاڵمان و ناوەندی شانۆپێداگۆگەکانی ئاڵمان، شانۆپێداگۆگی، شانۆی ئاگۆستۆ بوال و زۆرێک لە ناوەندەکانی شانۆ و زانستگا گرێدەدرێ.

ساڵی ١٩٧٩ فێرگەی ناونەتەوەی ISTA ئانترۆپۆلۆگی شانۆی دامەزراند. ئەوە هەر لەو سەردەمەدایە کە شانۆپێداگۆگی لە ئوورووپا پەرە دەستێنێ، فۆرمێک لە شانۆ کە لە هۆڵی داخراوەوە بەرەو شوێنی ژیانی مرۆڤ دەگوێزرێتەوە، یەکێک لە بەناوبانگترین کارەکانی باربا و ئۆدین تئاتر لەو ساڵانە لە دانمارک شانۆیەک بوو کە بە بیانووی زاوزێی مەلەکەی ئەو وڵاتە لە ناو گەمییەکدا پێشکەش کرا. شانۆکە باسی ژنێکی دووگیان بوو، کە لە کاتی ژانی زاوزێ بە تەنیا دەمێنێتەوە، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە مەلەکەی وڵات ڕێک لەو کاتەدا لە باشترین ئیمکان بۆ لەدایکبوونی منداڵەکەی بەهرەمەند بو. پەیامی ئەم شانۆیە ئەوە بوو کە خەڵکی ئاسایی و ئەوانەی لە سەرووی کۆمەڵگان وەک یەک مامەڵەیان لە گەڵدا ناکرێ.
من بۆ یەکەمجار ساڵانی نەود لە شارەکانی کۆڵن و مونستر لە ڕێگای ورکشاپەکانییەوە لە گەڵی ڕووبەڕوو بووم.

پێتر برووک، ئۆژینۆ باربا، ئاگۆستۆ بوال سێ لە کۆمەڵێک شانۆکار بوون کە هاوکات لە گەڵ کەسانی تر لە ناو ئەدەبیات، فەلسەفە، هونەر بەگشتی سەدەی بیستیان لە بواری خویاندا کردە سەدەیەکی پڕ لە گۆڕانی ئەرێنی، ئەوەش پاش دوو شەڕی وێرانکەر کە هەر کیان لە ئورووپا هەڵگیرسێندران، ئوورووپا کە لە فەلسەفە، زانست و سەنعەت و تەکنیک و بوارەکانی تر دستی باڵای هەبو. بە مردنی پیتر برووک سەکۆی شانۆ کەسێکی گرنگی لە دەست دا. لەم کورتە بابەتەدا جێگای باسکردن لە مارسڵ مارسۆ، کارلۆس مارتینز، گرۆتسکی، ستانسلاوسکی و کەسانی تر چۆڵ مایەوە.

برایم فەڕشی

٢٠٢٢/٧/٧